# سةنتةري بةرطري لة مافةكاني منالآن

**زانیاری دەربارەی سایتی سەنتەری منالآن و بلآو كردنەوەی بابەتەكانی نووسەران**

[www.santarimnalan.com](http://www.santarimnalan.com)

**ڕەفتارو مامەڵەی هەر كۆمەڵگایەك لەگەڵ منالآندا، گرنگترین پێوەری پێشكەوتوی و ئازادی بوونی ئەو كۆمەڵگایەیە ، منالآن لە هەموو شتێك گرنگترن ، وە لە پێشترن لە هەربەرژەوەندییەكی ئایدۆلۆژی، ئابوری ، سیاسی و ئاینی."یەكەم منالآن 1999."**

- سایتی سەنتەری منالآن، بلآو كۆاوەیەكی ئەلیكترۆنی سیاسی و ڕۆشنبری و تایبەتە بە بواری منالآن و خستنەڕووی كێشەو كرفتەكانی منالآن ، لە پێناو هەوڵی چارەسەری كێشەكانیان و پشتیوانی كردنیان. هەروەها هەوڵ ئەدات سەرچاوەیەكی هەواڵی سیاسی ، زانستی، فەرهەنگی و كۆمەلآیەتی تایبەت بە منالآن بێت بۆ خوێنەرانی كووردزمان.
- سەنتەری منالآن زمانحاڵی ڕێكخراوی " سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالآن"ەو بلآوكراوەیەكی ڕەخنەگرانەی ئازادە، بەرگری لە مافەكانی منالآن دەكات. سەنتەری منالآن لایەنگری ئازادی، یەكسانی ، ڕاستی و فەرهەنگی مۆدێرن و پێشكەوتنخوازانەیە.
- سایتی سەنتەری منالآن ، نووسین ، ووتار،باس ،بەیان ، ڕەخنەوپێشنیار، بابەتی هونەری وجۆراوجۆری تایبەت بەمنالآن بلآو دەكاتەوە و ڕۆژانە ئاپدەیت ئەكرێتەوە.
- سایتی سەنتەری منالآن بانگەوازی سەرجەم نووسەران و ڕۆشنبیرانی كورد زمان دەكات بۆ ناردنی بابەت و نوسینەكانیان لەم بارەوەو لە چوار چێوەی بواری منالآندا.
- سەنتەری منالآ، تریبونێكی ئازادە بۆ پەخش كردنەوەی خەباتی بواری منالآن و لاوان و ژنان لە پێناوی ژیانێكی باشترو دنیایەكی باشتر بۆ منالآن..
- هەر نوسەرێك كە نوسین و بابەتمان بۆ دەنێرێ سەبارەت بە كێشەی منالآن ، خۆی بەرپرسە لە ناوەڕۆكی سیاسی و ئایدۆلۆژی بایەتەكەی و سەنتەری منالآن لێی بەرپرس نییە.
- هەر بابەت و نوسراوێك كە بۆ سەنتەری منالآن دەنێردرێت ، پێویستە بە ئیمزاو ناوی خاوەنەكەیەوە بلآو بێتەوە، ئەگەر نووسەرەكە پێی خۆش بێت ئەوتوانێت وێنەی خۆی یان ژمارەی تەلەفۆن و مەیلی لەسەر بنوسێت بۆ بلآو بوونەوەی.
- هەر كەس بابەت ، هەواڵ و ووتارمان بۆ دەنێرێت ، تكام وایە بە فایلی (Word) و بە یەكێك لە فۆنتەكانی عەلی ، بینووسێت ، بەم شێوەیە فایلەكان قورس و پڕ كێشە نابن و كەس كێشەی خوێندنەوەی فایلی PDF ی نابێت
- داوا لە هەموو نووسەرانی بەرێز دەكەم، كە بابەتەكانیان لەباری ڕێنووسەوە ڕێكخەن. ئێمە لەبەر نەبوونی كات ناچارین وەك خۆی بلآوی بكەینەوە بەو شێوەیەی كە بەدەستمان دەگات.
- دوایین كات بۆ وەرگرتنی بابەتەكانی هەر ڕۆژێك كاتژمێر "**22:00**" بە كاتی ناوەندی ئەوروپا، هەر بابەتێك دوای ئەو كاتە بە دەستمان بگات بلآو بوونەوەكەی دەكەوێتە ڕۆژی دواتر.
- سوود وەرگرتن لە بابەتەكانی سایتی سەنتەری منالآن بۆ هەر كەس و بلآو كراوەو دەزگایەكی ڕاگەیاندن ئازادانەیە ، بەمەرجێ ئاماژە بە سەرچاوەكەی بكرێت.


**شێرزاد فاتح**

**بەڕێوەبەری سایتی سەنتەری منالآن**

santarimnalan@yahoo.com

Sherzad_f@yahoo.com


26-06/2005

---